# شعر و شەیتان

هۆشەنگ شێخ محەمەد
2007/11/24
هەولێر




دوای ئەوەی لە نووسینێکی دیکەدا باسی پەیوەندی شعر و خودامان کرد، لێرەدا ئەمانەوێ بە لە پەیوەندی شعر و شەیتان بکۆڵینەوە، لەوێدا لەبەرامبەر خوادا کۆمەڵێ قسەمان لەبارەی شعرەوە کرد، لێرەدا بە پێویستی نزانم شتەکان دووبارە بکەمەوە.
شەیتانیش دیسانەوە وەك بووێکی فانتازی وەك شعر و خودا، ئەکرێ بە شێوەیەکی دیکە قسەی لە بارەوە بکەین، و لەگەڵ شعردا لە باسێکدا کۆیان بکەینەوە و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانییان بە پێی تێگەیشتنی خۆمانەوە لێکبدەینەوە.

## شەیتان چی یە؟

ئەگەر لە رێی ئیسلامەوە شەیتان بناسین، یەکەم بوونەوەرە لە خوا یاخی ئەبێت و سوژدە بۆ ئادەم نابات و بەرەنگاری ئەو حەز و ویستەی خوا ئەبێتەوە، لە پاڵ ئەمەشدا یەکەم بوونەوەرە خودا سزای ئەدات. ئەو بوونەوەرە کە سزادراوی یەکەمی خوایە، یەکەم بوونەوەریشە لە خوا یاخی ئەبێت، یاخی بوونی شەیتان خوێندنەوەی جۆراوجۆر بە خۆیەوە هەڵئەگرێت، لەوانە ئەو هێز و وزەیەی لە شەیتاندا هەیە بۆ رووبەرووبوونەوەی خوا. بۆ رەخنە گرتن لێی و رازی

نەبوون بە فەرمایشتەکانی. بۆ ئەو ئەقلییەتەی شەیتان بەراوردی نێوان بوونەوەرە ئاگرییەکان و قوڕاوییەکانی پێ ئەکات ، لە نێوان خۆی و ئادەمدا، لە دەسەلأتی خوا و لە خەڵقکردنی بوونەوەرەکان و باڵادەستییان بەسەر یەکدیدا.

دیارە بۆ ناسینی شەیتان ئەبێت ئێمە لە دەرەوەی شەیتان خۆیدا زانین و زانیاری پەیدا بکەین، چونکە شەیتان خۆی خاوەن تێکست و قسەی خۆی نیە، ئەوەی قسەی خۆشییەتی لەسەر زمانی خوداوە بە ئێمە گەیشتووە، نەوەك لە شەیتان خۆی، واتە ئێمە لە شەیتانەوە لە قسەکانی خۆیدا ئەو ناناسین بەڵکو لە قسەکانی خودا و ئەو تێگەیشتنانەی لە دەرەوەی تێکستەکانی وێنای ئەو ئەکەن ئێمە شووناسێکی پێ ئەبەخشین، شەیتان یەکێکە لەو بوونەوەرانەی کە هەمیشە لە ناو ماندا ئەژیەت و هەمیشەش بێدەنگ و بێ قسەیە، تا ئێستا شەیتان نەبۆتە خاوەن تێکستی خۆی و لە خۆیەوە گوێ لە چیرۆکی خۆی بگرین لە بیروباوەڕەکانی بگەین، لە خۆیەوە ببیستین بۆچی لە خودا یاخی بوو و بۆچی وەك فریشتەکانی دیکە سوژدەی بۆ ئادەم نەبرد. بۆچی وەك فریشتەکانی دی سەری بۆ داواکەی خوا نەنواند و یاخیبوونی هەڵبژارد؟ئەوە چ وزەیەك بوو لە ناو ئەودا هەبوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی خوا؟ چ هزرێك بوو وای کرد لە جیاتی پاداشت سزا وەربگرێت و قبووڵی بکات؟ ژێدەری بیرکردنەوەی ئەو چی بوو کە بەجیا لە فریشتەکانی دیکە رێگەیەکی دیکە بۆ خۆی هەڵبژێرێت و خۆی بڕیاردەری خۆی بێت؟

ئەمانە و چەندین پرسیاری دی ئەکرێت لە شەیتان و خود و هێزی یاخی بوون و روحییەتی بەرەنگاربوونەوە لەودا بکرێت، کە لە هەندێ رووەوە لە شعر و خاسییەتەکانی شعر ئەچێت.

## شعر و شەیتان و یاخیبوون:



یاخیبوونی شەیتان لە داواکاری خوا تەنیا لەبەر ئەوە نەبووە کە ویستبێتی لە فرمانێکی خوا هەڵگەڕێتەوە، بەڵکو ئەو لە تێگەیشتنییەوە بۆ ماهییەتی خۆی و ئادەمدا ئەگاتە ئەو باوەڕەی کە بوونی ئادەم بە خەلیفە لە سەر زەوی ئەبێتە هۆکاری خوێنڕشتن و خراپەکاری، بەلأم خوا بە شەیتان و فریشتەکانی دیکە ئەڵێ کە ئەو ئەو شتانە ئەزانێت کە ئەوان نایزانن.ئەو ئاگاداری شتەکانی زەوی و ئاسمانە. هەموو فریشتەکان باوەڕ ئەکەن و تەنیا ئیبلیس نەبێت سوژدە بۆ ئادەم نابات و خواش کافری ئەکات.

لێرەدا مەسەلەکە لە سەرێکەوە پەیوەستی بە گومانی ئیبلیسەوە هەیە هەم بە توانای خوا و زانینەکانی و هەم گومانی خوێنڕشتن و خراپەکاری لە ئادەمدا. و هەمیش گومان لەو زانینانەی خوا پێی ئاگەدارە و شەیتان و فریشتەکانی دی نایزانن.

زانین و گومانکردن لێرەدا پێموایە خاڵێکی جەوهەری و سەرەکی یە لە هزری شەیتاندا، کە وای لێ ئەکات گوێڕایەڵی فرمایشتەکەی خودا نەبێت و وەك خوا ئەڵێت: ( ابی واستکبر ) واتە نەیکرد و گەورەیی نواند لەبەرامبەر فرمانی خودا، و بەم شێوەیەش کافر بوو، ئەم نەرازیبوون و خۆ بە زل زانینەی شەیتان پەیوەندی بەو گومان و زانینەوە هەیە کە هەم لای خودا و هەم لای ئەو هەیە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی شەیتان وەك فریشتەکانی دی باوەڕی نەکرد کە خوا ئەزانێت و ئەبێت بێ گومان کردن گوێڕایەڵی بکات؟ بۆچی گومانی هەبوو لە زانینی خوا و گوێڕایەڵی فرمانەکەی نەبوو؟ بۆچی ئەو گومانەی لە ئادەم هەبوو کە ئەبێتە هۆکارێك بۆ خراپەکاری و خوێنڕشتن؟ بۆچی بیرکردنەوەکانی

وەك فریشتەكانی دی نەبوو و روحییەتی بەرەنگاربوونەوە و یاخیبوونی لە ناودا هەبوو؟ بۆچی خۆی كرد بە كافر لەبەرامبەر بە خوا بە پێچەوانەی هەموو فریشتەكانی دی؟ بۆچی خۆی لە فریشتەكانی دی جیاكردەوە؟ چ وزەیەك لەناو ئەودا هەبوو بۆ ئەو یاخیبوون و بەرەنگاربوونەوەیە و دەرچوون لە دەسەلآتی خوا؟

دەرچوونی شەیتان لە ناو پۆلی فریشتەكان و جیابوونەوەی لە گشت، خاڵێكی سەرەكییە بۆ ماهییەتی شەیتان و حەزی دەرچوون لەو زانین و ئەو ئەتمۆسفێرەی زانیاری و بیر وباوەڕەكان بەرهەم دێنێت، واتە دەرچوونی شەیتان تەنیا دەرچوونێك نیە لە رقی ئادەم. بەڵكو ئەو دەرچوونە بەرهەمی ئەو گومانانەیە لە خوا و لە ئادەم و لە كەشی گشتی بەرهەمهێنانی بیر و باوەڕەكان و باوەڕ پێكردنییان، ئەو گومانی هەیە كە ئەو باوەڕانەی خوا ئەیانزانێ و ئەو نایانزانێ بەس بێت بۆ ئەوەی سوژدە بۆ ئادەم ببات و وەك خەلیفەیەك لەسەر زەوی بێ گومانكردن قبوڵی بكات. ئەو رازی نیە لە بە خەلیفەبوونی ئادەم چونكە گومانی هەیە كە ئادەم ئەبێتە هۆكاری خوێنڕشتن و خراپەكاری لەسەر زەوی، هەرچەندە فریشتەكانی دیكەش گومانیان هەیە لە ئادەمدا و سەرەتا لە خوا ئەپرسن كە بۆچی ئادەم ئەكاتە خەلیفە و ئەوان ناكاتە خەلیفە، بەلآم فریشتەكان هەموویان دوای ئەوەی خوا پێیان ئەڵێ من ئەزانم و ئێوە نازانن، هەموویان بە فرمایشتەكە رازی ئەبن، بەلآم ئیبلیس رازی نابێت. واتە ئەو بە جیا لە فریشتەكانی دیكە لە گومانەكانی خۆیدا ناگاتە یەقینێك بۆ ئەوەی قسەكانی خوا وەك هەقیقەتێكی رەها قبوڵ بكات و بێ گومانكردن گوێڕایەڵیان لێ بكات. نەخێر ئیبلیس واز لە گومانەكانی ناهێنێت و سوژدە نابات و رازی نابێت بەوەی ئادەم ببێتە خەلیفە و بەوەی خوا ئەزانێت و ئەو نزانێت.

لێرەدا شەیتان بە گومانەكانییەوە ئەكرێتە كافر، یەكەم كاریشی فریودانی ئادەم و ژنەكەیتی لە بەهەشتدا بۆ ئەوەی لەو بەرهەمە بخوات كە بە هۆیەوە كە خودا پێی گووتون نەیخۆن، ئەگەر نا زالمكار ئەبن. بەلآم شەیتان فریویان ئەدات و وایان لێئەكات ئەو بەرهەمە لە بەهەشتدا بخۆن ، خوداش لێیان توڕە ئەبێت و دەریان ئەكات و وەك دوژمنێك فڕێئەدرێنە سەر زەوی.

لێرەدا ئێمە گوێمان لێنەبووە شەیتان خۆی بڵێت من ئادەمم فریو داو وام لێكرد لەبەهەشت دەریكەن، بەڵكو ئەوە قسەی خوایە، كە ئەو چیرۆكەمان بۆ ئەگێڕێتەوە، ئیدی لەوێوە شەیتان ئەو بوونەوەرەیە كە بەنی ئادەم فریو ئەدات و هەمیشە بەرە و خراپەكاری و شەڕانییەتیان ئەبات، بەرە و خوێنڕشتن و گوناه و تاوان و بێ خوایی.

لێرەدا رەنگە دەرگەی زۆر گومان و پرسیار بكەینەوە لەسەر ئەم چیرۆكە، كە شەیتان خۆی قسەی لەسەر ناكات، بەلآم ئەوەی ئێمە زیاتر مەبەستمانە لەو باسەدا هێز و وزەی شەیتانە لە گومانكردن و گوێنەدان بە فرمایشتەكانی خوا. و رازی نەبوونی بەو جۆرە بەرهەمهێنانە فكرییەی خوا كاری پێئەكات. لەوێوە شەیتان روحی یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە ئەچێنێت، بەرامبەر ئەو وێنە و جیهانە ئەوەستێتەوە كە خوا ئەیەوێت خەلقی بكات، لەبەرامبەر بە خەلیفە بوونی ئادەم لەسەر زەوی و ئەو دونیایەی لە ئەنجامی بە خەلیفەبوونی ئادەمەوە لەسەر زەوی دروست ئەبێت، وەك چۆن شیعر هەمیشە كاری لەسەر تێكدانی وێنەكانی جیهانی خوایە، شەیتانیش پێش شعر ئەم كارەی بە ئەنجام گەیاندووە، شەیتان دژی یەكەم وێنەی جیهانی خودایە لەسەر زەوی، لێرەدا شعر و شەیتان هەم لە یاخیبوونیان لە جیهانی خودا و وێنەی ئەو دونیایەی خودا ئەیەوێت لەسەر دونیا خەلقی بكات و هەمیش تێكدانی ئەو دونیایە ئیش ئەكەن، لێ هەر یەكەیان بە میتۆد و كەرەستەی تایبەتی خۆیەوە،

لەو خاڵەدا تێكدانی وێنەكانی جیهانی خوا، شعر و شەیتان لە یەك ئەچن، لەو روحە یاخیبووە و ململانێكەرە لەگەڵ خوا یەكئەگرنەوە، رەتكردنەوەی ئەو دونیایەی خوا ئەیەوێت خەڵقی بكات،

لێ جیاوازی شعر و شەیتان لێرەدا ئەوەیە، شەیتان خاوەن تێكستی نووسراو و زمانێكی دیاریكرا و نیە، ئەگەر خوا و شعر زمانیان هەبێت ئەوە شەیتان خاوەن زمان نیە، كاركردن و كاریگەری شەیتان لە رێی زمان و مانا و وشە و ئاماژەوە نایەت. بەڵكو تەنیا لەو چیرۆكانەوە دێت كە خوا لەسەر شەیتان و ئەو قسانەی خەڵك وئەفسانەكان لەسەر شەیتان بۆ ئێمەی ئەگێڕنەوە، كە سەرەكیترین وێنەش بۆ شەیتان ئەو وێنە یاخی بوو و هەڵگەڕاوەیە لە خودا و فرمایشتەكانی و هەوڵە بەردەوامەكانی بۆ فریودانی بەنی ئادەم.

**ئیدی لێرەوە کاریگەرییەکانی شەیتان لەو تێکست و بیرو باوەڕانەوە دێت کە لەدەرەوەی زمانی شەیتان خۆیدا بەرهەم هاتوون، بەڵام ئێمە لەو تێکست و باوەڕانەوە لەوە ئەگەین کە شەیتان هێزێکی گەورەی فریودان و هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی هەیە، وزەیەکی لە بننەهاتووی هەیە بۆ هەمیشە ململانێی ئارەزوو و ویستەکانی خوا، حەزی تێکدانی ئەو دونیایەی خوا ئەیەوێت دروستی کات.**

**لێرەدا هەرچەندە شعر و شەیتان خاوەن یەك ستراتیجن بەڵام بە هۆکاری جیاواز و بە مێژوویەکی جیاوازتر.**

**شعر بە هۆی زمانەکەیەوە خوا لە نێو ئاماژەکانیدا ئەکاتە فانتازیایەکی جیا لەوەی خوا لە دەرەوەی شعردا خاوەنی وێنەیەکی دیکە و شێوەیەکی دیکەیە، ئیدی پیرۆزی و گەورەیی و ترس و دەسەلاتەکانی خوا لەشعردا بۆی هەیە لە بەین بچێت و خوا شێوەیەکی دی و جەوهەرێکی دیکە وەربگرێت.ڕۆڵ و ئەرکی جیاواز لە شعر وەربگرێت، شەیتان ئەمەی لە گەڵ خوا پێناکرێت، ناتوانێت خوا لە ناو خۆیدا بکاتە فانتازیا، یان هەر شێوەیەکی دیکەی پێببەخشێت. بەڵکو یاخیبوونەکەی شەیتان لە خوا تەنیا وەرگرتنی شێوەیەکی پەیوەندی دوژمندارانەیە لە نێو خۆی و خوادا، تەنانەت لەگەڵ هەموو بەنی ئادەمیشدا، بەڵام شعر نا، ئەکرێت لە ڕێی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانییەوە بە خواوە، بەدەیان شێوەی پەیوەندی و تێگەیشتن بە خوا ببەخشێت، و لەناوخۆیدا وەك ئەوەی شعر ئەیەوێت وای بەرهەم بێنێتەوە،واتە لێرەدا روحی شعر روحی شەیتان نیە، بەڵکو روحی شعر خۆیەتی کە دواتر ئەتوانێت شەیتانیش لەناو خۆیدا بکاتە فانتازیا و دەیان شێوەی جیاوازی پێببەخشێت و ئەو جیهان و ئەو دونیایەش خاپوور بکات کە شەیتان ئەیەوێت دروستیان کات دوای تێکدانی دونیاکانی خوا.**

**واتە شەیتان کاتێك ئەیەوێت دونیاکانی خوا تێك بدات ئەوە لەبەرامبەر ئەو دونیایەدا ئەلتەرناتیفێکی پێیە، ئەگەر دونیای خوا سپی بێت ئەوە شەیتان ئەیکاتە دونیایەکی ڕەش، ئەگەر باش بێت خراپی ئەکات، ئەگەر جوان بێت ئەو ناشیرینی ئەکات، واتە لە نێوان خودا و شەیتان دا دونیا دابەش ئەبێتە سەر وێنە هاودژەکان خوا چ وێنەیەکی ئیجابی بۆ دونیا خەلق کات ئەوە شەیتان وێنەیەکی سلبی لەبەرامبەردا قووت ئەکاتەوە، یان ئەیەوێت بەو وێنە سلبییەوە دونیای خوا تێکبدات و جێگەی بگرێتەوە، بەڵام شعر واناکات، لە شعردا هەمیشە دونیا دابەش نابێتە سەر ڕەش و سپی بەتەنیا یان باش و خراپ یان ئیجابی و سلبی، لە شعردا دونیا ڕەنگاورەنگە و هیچ دونیایەك ئەلتەرناتیفی دونیایەکی دیکە نیە. شعر لەبەرامبەر وێنەی دونیاکانی شەیتانیشدا ئەلتەرناتیفی نیە، دوای ئەوەش لە شعردا شەیتان تەنیا ئەو هێزە یاخییە نیە کە بیەوێت دونیای خوا تێکبدات و دونیای خۆی لە جێگە دانێتەوە، بەڵکو ئەکرێت شەیتان لە شعردا دەیان وێنەی جیاواز هەڵگرێت. واتە لە شعردا شەیتانیش ناسنامە و شووناسی خۆی لە دەست ئەدات، ئەو شووناسەی خوا داویەتی پێی، ئەو شووناسەی لە کەشێکدا بەرهەمهاتووە کە شعر ئەتوانێ ئەو کەشە بە کەشی خۆی و وزە فانتازیاکانی تەفروتونا بکات.**

**یان هەتا ئەو شووناسە یاخیبووەی شەیتان کە هەمیشە لە ڕۆحی خۆیدا هەڵگرتووە لە بەرامبەر خوا و وێنەکانی دونیا، ئەوە لە شعردا ئەو شووناسەش تێك ئەشکێت و بە وێنەی خۆی نامێنێتەوە، شەیتان ئەکرێ لە شعردا ببێتەوە وێنەیەك تەواو پێچەوانەی خۆی، یان هەر وێنەیەکی دیکە کە تێکستی شعری پێی ئەبەخشێ، لێ لێەرشدا تێکشکاندنی ویچنەکانی شەیتان و جیهانەکانی، سزای شعر نیە بۆ شەیتان، وەك چۆن خوا سزای دا، بەڵکو ئەوە گەمەی شعرە بە وزەی خۆیەوە لەگەڵ شەیتانی ئەکات، چونکە شعر نایەوێت وێنەیەکی ئەلتەناتیف لە خۆیدا بۆ شەیتان دامەزرێنێت تا لەبەرامبەر وێنەی شەیتان لەدەرەوەی شعردا ببێتە وێنەیەکی باوەڕپێکراو و سەلمێندراو بۆ شەیتان، واتە لە دوای شکاندنی وێنەی شەیتان لە شعردا ناکرێت تەنیا وێنەیەکی ئەلتەرناتیف بۆ شەیتان بسەلمێنێن، یان وێنەیەکی ئەلتەرناتیف بۆ وێنەی جیهان و دونیاکانی شەیتان دامەزرێنین، شعر خەمی ئەوەی نیە دوای تێکشکاندنی شەیتان چ وێنەیەك خەلق ئەبێت، لە وێنەکانی ئەو ئەچێت یان نا؟ لە وێنەکانی ئەو جوانترە یان ناشیرینتر، چونکە پێوانەکردنی ئەو بابەتانە لە شعردا جێگەیان نیە، چونکە شعر فانتازیایە و لە فانتازیاشدا سنوور بۆ وێنەکان و شێوە و بەهای وێنەکان نیە.**

## شعر و شەیتان و گەمە:




ئەگەر شعر گەمەی زمان بێت لە گەڵ تەواوی بوونەوەرەکان و چەمکەکان و هەبوون و ژیان، ئەوە پەیوەندی خوا و شەیتانیش و شەیتان و شعریش زیاتر لە گەمەیەك ئەچێت، ئەگەرچی هەندێ ئاراستەی جیاوازیش لەو گەمانەدا هەبن، شەیتان و خوا، لە گەمەیەکدان کە مرۆڤ کەرەستەکەیەتی، لێ گەمەی شعر و خوا و شعر و شەیتان زمان کەرەستەکەیەتی، لە نێوان خوا و شەیتاندا، گەمە لەسەر قەدەری مرۆڤ ئەکرێت، بەوەی کا شەیتان چەند ئەتوانێت زەفەر بە بەنی ئادەمدا ببات و چەندیان فریو ئەدات بۆ ئەوەی دونیای خودا تێکبدات و دواتریش جەهەنەمەکان پڕ کات لە مرۆڤی خراپە کار. خواش لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ ئەوەی هەمیشە بەنی ئادەم چاکەکار بێت و بچێتە بەهەشت، ئاشکرا و روونیشە هەر کەسێك و میللەتێك و خەڵکانێك گوێ لە شەیتان بگرن ئەوە سزایان جەهەنەمە و بە بەهەشتی خوا شاد نابن، بە پێچەوانەشەوە هەر کەسێك و میللەتێك و خەڵکانێك گوێڕایەڵی خوا بن ئەوا پاداشتییان بەهەشتە و لە ئاگری جەهەنەم دوور ئەبن.

ئیدی ئەو گەمەیە گەمەی دوو هێز و وزەیە بۆ دامەزراندنی دوو دونیای جیاواز، سەرکەوتنی دەسەڵاتێك لە ململانێی دوو دەسەڵاتی جیاواز و دژ. شەیتان بە فرت و فێڵ و فریودانی مرۆڤەکان ئەو گەمەیە ئەکات، خواش بە تێکستەکانی و زمانی ئەایەتییەکانییەوە، شەیتان قسەی نیە بۆ خەڵك بیکات، خاوەن جێگە و شوێنی تایبەت نیە بۆ ئەوەی خەڵکی لێ کۆبکاتەوە، بەڵام دیسانیشەوە ئەتوانێت بگاتە ناو مێشکی هەموو مرۆڤەکان و هەموو ئەوانەش فریو دات کە ئیمان و باوەڕیان بە خوا کەمە، بە پێەوانەوە خودا هەموو شوێنەکان هی ئەون و هەموو مرۆڤەکان و بوونەوەرەکانی دی لە بن دەسەڵاتی ئەودان و ئەتوانێت بە هەموو ساتێك و کاتێك بزانێت بەندەکانی خەریکی چین و چی ئەکەن و ئەیانەوێت چی بکەن، بەڵام لەو گەمەیەدا خودا و شەیتان هێز و وزەکانی خۆیان لەسەر مرۆڤ تاقی ئەکەنەوە و شەیتان هەوڵ ئەدات بتوانێت زیاترین خەڵك فریو بدات و کاری خراپەیان پێ بکات، بۆ ئەوەی بۆ خوای بسەلمێنێت کە ئەو خاوەن هێز و دەسەڵاتی خۆیەتی و ئەتوانێت دونیای خوا تێکبدات.

لێ لەگەڵ شعردا گەمەی شەیتان و شعر شێوەی دیکەی هەیە، دیارە شعر لە رێی زمانی ئاماژەیی خۆیەوە ئەتوانێت فانتازیا خەلق بکات و شتەکان لەو فانتازیایە بەرەڵابکات، شعر ئەگەر فەزای ئازادی ئاماژەکان بێت، ئەوا شەیتان چونکە زمانی نیە ناتوانێت ئەویش لەبەرامبەر شعردا لە رێی زمانەوە، یان زمانی تایبەتی خۆیەوە شعر لە ناو خۆیدا بگۆڕێت و بیکاتە شتێك لە دەرەوەی شعر خۆیدا،

شەیتان لێرەدا کەرەستەی وەسوەسەی هەیە، رەنگەی هەندێکجار بتوانێت بە هۆی وەسوەسەکانییەوە رستێك مانا بداتە مرۆڤەکان بۆ ئەوەی لە دەسەڵات و جەبەروتی خوا دەربازیان ببێت، وایان لێبکات رێنمایی و ماناکانی قسەکانی خوایان لە بیر بباتەوە، بەڵام سەرئەنجام ئەو لەبەرامبەر خوادا مانا بەرهەم دێنێتەوە نەوەك ئاماژە، مانای دژ و جیاواز، کە لە گەڵ شعریشدا دیسانەوە جیاواز ئەبن چونکە شعر لە خەمی خەلقکردنی مانادا نیە، بەڵکو هەموو خەمی شعر ئەوەیە کە زمان لە ئازادیدا و ئازادی لە زماندا بکاتو ئاماژە و بەرەڵای دونیایان بکات، وێنەکان و جیهان و دونیای خوا و شەیتان لەناو ئاماژەی لە بننەهاتوودا بتەقێنێتەوە،

تەقاندنەوەی شتەکان لەناو شعردا ئەو کەشە فانتازیایە کە نە خوا و نەشەیتان بە زمان و وەسوەی خۆیانەوە ناتوانن خەڵقی بکەن.

خودا زمان بۆ رستێك مانا بەکاردێنێت و شەیتانیش وەسوەسەکانی بۆ رستێك مانای دژ.

لێ شعر کە زەمینەی خولْقاندنی مانای نیە، بەلْکو تەنیا تەڤینەوەی زمان و چەمکەکانە لە ناو ئاماژەدا بۆیە دونیا و جیهانی ئەوان تەواو جیاواز و وێکنەچووە، لە شعردا شەیتان و خوا و هەر ناوێکی دیکە، ئەبنە ئاماژە بەسەر خۆیاندا لە ناو ئاسمانێکی فانتازیدا کە ناکرێت لە هیچ پنتێکدا نیشتەجێ بکرێن.

نە نیشتەجێکردنی ناوەکان لە ناو شعردا بێ شووناسی و بێ مالّی و بزربوونی ماناکان و ماهییەتەکانی هەبووەکانە. لێرەشدا بوونەوەرەکان لە شعردا لە رووی هەبوونیانەوە پێش ماهییەتییەکانەوە ئەکەون، چونکە سەرەتا لە شعردا ماهییەتییان لە دەست ئەدەن و وەك بوونەوەرێکی بێ ماهییەت شعر سەوداییانْ لە گەلْ ئەکات و ماهییەت لەو زمانە ئاماژەییەی شعرەوە وەرئەگرن کە شعر لەو ساتەدا لە ساتی ماهییەت بەخشین بەو بوونەوەرانەدا بەرهەمیان دێنێت.

ئیدی لێرەوە ئاسانە لەوە بگەین کە خودا و شەیتان و هەر بوونێکی دی لە شعردا خاوەن ماهییەتی خۆیان نین لەدەرەوەی شعردا، چا چ ئێمە لەسەر ئەوە کۆك بین کە بوونەوەرەکان سەرەتا هەبوونن یان ماهییەت، لە شعردا ماهییەتی بوونەوەرەکان نیە چ لە پێشدا و چ لە دواتردا، بەلْکو بوونەکانْ دێن و لە مالّی شعردا رووت ئەکرێنەوە و شعر خۆی ئەو ماهییەتەیان پێ ئەبەخشێت کە ئەیەوێت، ئیدی گەمەی شعر لەوەوە دێت کە شعر خۆی بوونێکی بوونگەرایی یە و چییەتی خۆی هەمیشە دواتر لەگەلْ هەر ئەزموونێك و لەگەلْ بە فانتازیا کردنی هەر بووێکی دیکەدا نوێتر و نوێتر ئەکاتەوە، چییەتییەك کە هەمیشە بێ شووناسی و بێ چییەتی شعر خۆی ئەنووسێتەوە.